

# ڕێگەی دروستی پرچ شووشتن

# پێڵاوی پاژنە بەرزی بووک لە پاییزدا









هەموومان دەزانین لە ڕۆژی ئاهەنگدا، دەبێ خانمە بووك بە جوانترین شێوە دەربکەوێ، لە هەموو شتێکدا گرفتی نەبێت و دیمەنی قەشەنگ و بەرچاو بێت، ئەوەش پێویستی بە چەند هەنگاو هەیە تا بووکەخان بکاتە لوتکەی جوانی و جێی سەرنجی هەمووان بێت، بۆ ئەو کچانەی کە دەیانەوێ زەماوەندیان لە وەرزی پاییزدا بێت، دەبێ بزانن چ جۆرە جل و ئێکسسوار و پێویستی لە ڕۆژی ئاهەنگیان لەبەر بکەن.
ئەمجارەیان دێنە سەر پێڵاوی بووکەخان، زیاتر لە ڕۆژی زەماوەند بووکان پێڵاوی پاژنەبەرزە لەپێ دەکەن، تا بەژن و باڵایان درێژ و بەرچاو بێت، تەنانەت ئەوانەشی باڵایان بەرزە، وەك مۆدەیەك لەپێی دەکەن تا شێوازی تاخمە جلی بووکی جوانتر بێت.
ئەوانە چەندین نموونەی پێڵاوی پاژنە بەرزی بووکانن، ئێوەی کچانیش دەتوانن یەکێك لەو شێوازانە لە ڕۆژی زەماوەند لە پێ بکەن، بەڵام دەبێ دڵنیا بن لە شێوەی نەخش و ڕەنگی پێڵاوەکە تا بە جوانی لەگەڵ کراسی بووك شیاو بێت، ئەگەر توانیت ئەو کارە بکەیت، بێگومان لە ڕۆژی زەماوەندت بووکێکی شۆخ و شەنگ دەبیت.

زۆربەی کچان بە دەست شووشتنی قژیانەوە دەناڵێنن، بە تایبەت ئەوانـــەی پرچیان پڕ و درێژە، چونکە بە شووشـــتن و وشـــك کردنـــەوەی پرچیان زۆر ماندوو دەبـــن، لە هەمان کاتدا چەندین ڕێگەی هەڵە هەن لە کاتی شووشـــتنی پرچدا کە پرچی کچان تووشی کێشـــە و گرفت دەکات، تەنانەت هەندێك جاریش دەبێتە هۆی هەڵوەڕینی تاڵە مووی پرچ، لێرەدا بە چەند خاڵ ڕێگەی دروستی پرچ شووشتن دەخەینەڕوو :

- ســـەرەتای دەستپێکردنی پرچ شووشتن، پرچت بکەوە و خاوی بکەوە، تا هەوا بەر تەڵە مووەکان دەکەوێت و دەکرێنەوە.
- هەوڵبدە بە دەســـتت پێستی سەرەوەی سەرت بشێلی، بەڵام بە نەرمی و ئەزیەتی پرچت مەدە، هەوڵیش بدە نینۆکت بەر پێستی سەرت نەکەوێت.
- بەر لە دەســـتپێکردن بە شووشـــتن، وا چاکە بە شانەیەك قژت شانە بکەی، هەروەها مەهێلە گرێ و قنج لە ناو تەڵەمووەکانی پرچت بمێنێت، تا لە کاتی شووشتندا ڕەوان و خاو بێت.
- هەڵبژاردنی شامپۆی پێویست بۆ جۆری پرچت بایەخی خۆی هەیە و دەبێ بزانی پرچت وشـــکە، یـــان چەورە، یان تاڵەمووی پرچت چ جۆرێکە، پاشـــان ئەو شـــامپۆیە بکڕە کە هاوشێوەی ســـیفاتی پرچتی لەسەر نووســـراوە، تا بە جوانترین شێوە کاری جوانی خۆی بکات.
- زۆربەی کچان شـــامپۆ لە ناوەڕاســـتی سەرەوەی پرچ دەدەن، ئەمـــەش هەڵەیەکە بۆ هەموو تاڵەمووەکان ناچێت و شـــامپۆیان بەرناکەوێت، وا چاکە لە خوارەوەی پشتەسەر بدرێ، دواتر بە دەست بڕی شامپۆیەکە بەرەو سەرەوە و خوارەوەی پرچ بگەیەندرێت. بۆ ماوەیەك شـــامپۆکە بە قژت بهێڵەوە و دواتر بە ئاوی شلەتێن بیشۆ.





# کراسەکەت بە پێی ڕەنگ و پێوانە نیشان بکە

ئەگـــەر دەتەوێت لە ڕۆژی بۆنـــە و ئاهەنگێکی تایبەتدا وەك شـــازادەیەك دەربکەویت، دەبێ بزانی چ جۆرە کراســـێك لەبەر دەکـــەی، چونکە جوانیت لـــەو ڕۆژەدا زیاتر لـــە جلەکەتدا بەرجەســـتە دەبێ. تەنانەت ئەگەر ماکیاژێکی شایستەشت کردبێ، بەڵام لە دەستنیشانی کراسەکەت لێهاتوو نەبیت، ئەو کاتە هەســـت دەکەی کە جوانی ئەو ڕۆژەت لە دەست داوە و نەتتوانی کارێکی وا بکەی سەرنجڕاکێشت بکات. مەرجە بزانـــی چ جۆرە ڕەنگ و شـــێوازێك لە کراس هەڵدەبژێری، چونکە ئەو دوو لایەنە شـــێوەی جوانیت زیاتر نیشـــان دەدەن. لە ســـەرەتادا هەوڵبدە کراسێك هەڵبژێـــری پڕ بە بەرت بێت، لە هیچ شـــوێنێك چرچ و لۆچی نەکات، هەروەها بۆ ڕەنگیش، دەبێ ئەو ڕەنگە دابنێی کە لەگەڵ بەشێکی دیکەی جەســـتەت هاوڕەنگ بن، وەك ڕەنگی پرچت، یان ڕەنگی ماکیاژت، یان ڕەنگی پشـــت چاوەکانت، چونکە ئـــەو هاوڕەنگییەی نێـــوان جلەکەت و خۆت، ســـیمایەکی سەرنجڕاکێش و جوانترت پێدەبەخشێت.



# ئێکسسواری مۆدەی کلاسیک

زۆربەی خانمان حەز بە پۆشـــینی ئێکســـوار دەکەن، بـــەوەش گەردن و بەرۆك و دەســـت و مەچەکیان ڕازاوەتر دەکەن، هەر کەســـێك خواستی لە چەشنە ئێکسسوارێکە، هەندێکیـــان مۆدەی تازەیـــان پێ جوانـــە، هەندێك لە خانمانیـــش گرنگی بە شـــێوەی ئێکســـواری شـــێوە کلاســـیك دەدەن، هەمووشیان جێگەی بایەخ و جوانکارین بـــۆ کچان، بەڵام ماوەیەکە مۆدەی کلاســـیك بایەخێکی زۆری پێدەدرێ، بەڵام دوای نوێکردنەوە و خستنە سەری نشونمایەکی تازە جوانییەکی زۆری پێدەبەخشێت، ئەوەتا چەند نموونەیەك لە ئێکســـواری شـــێوە کلاسیکمان بۆ ئامادە کردوون، کە زۆر سەرنجڕاکێشـــن و دەتوانن خانمان ئاوڕێك لەو مۆدەیە بدەنـــەوە و لەبەری بکەن، بەتایبەت لەگەڵ جلی کوردیدا زۆر سەرنجڕاکێشترە و ئێوەی خانمان دەتوانن تاقی بکەنەوە، تاوەکو دەوروبەرتان بەو جوانکارییە سەرسام بکەن.



# دۆشاوی تەماتەی خۆماڵی!

جاران باری ئابووری لە کوردستان ئەوەندە باش نەبوو، کەلوپەل و کاڵاکانیش گران بوون نرخیان زۆر بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەکی بەرچاو شتومەك لە دەرەوە هاوردە نەدەکراو کارگەی گەورەی بەرهەمهێنانیشمان نەبوو، بۆیە هەموو پێویستیەکانی هاوینە و زستانەمان پێ دابین نەدەکرا، بە ناچاری دەبوایە لەهاویندا هەندێ شتوومەك بۆ زستان هەڵگرین و ئامادەی بکەین، دۆشاوی تەماتە یەکێك بوو لەو پێویستیانەی کە بە ئامادەکراوی بەردەست نە دەکەوت یان ئەگەر هەشبا زۆر گران بوو. بۆیە دەبوایە لە هاوینەوە بۆ زستانی ئامادە بکەی و هەڵیبگریت، چونکە تەماتەش گران دەبوو. لە وەرزی هاوین کە تەماتە هەرزان بوو چەندان سندوقیان دەهێنا بەتایبەت ئەوانەی زۆر ڕەق و توند نەبوون و دەیان شوشتەوە پاشان لە ناو مەنجەڵی گەورە گەورە دەیانکوشی تا ئاوەکەی لێ بێتە دەرەوە توێکل و پێکهاتە بێ سوودەکەی فرێبدەن، پاشان بە هێڵەگ یان پالێوەرێك ئەو دەنکانەیان لێدەگرت کە لە ئاوەکەدا هابوو بۆ ئەوەی تەنها ئاوی تەماتەکە بمێنێتەوە. دوای ئەوەی ئاوەکە بەسافی ئامادەبوو لە سینی گەورە گەورە دەکرا و لە سەربانەکان دادەنرا بۆ ئەوەی وشك بێتەوە، بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە سەربان دەمایەوە لەو ماوەیەشدا بە بەردەوام چاودێری دەکرا نەوەك شتێکی بچێتە ناوەوە یان پیس ببێ، پاش ئەوەی وشك دەبووە لە دەببەیان دەکرد و زستانان بەکاریان دەهێنا لە جیانی دۆشاوی تەماتەی ئامادەکراو. ئەوەی شایەنی باسە ئەمەش بەشێك بوو لە دەست ڕەنگینی ئافرەتی کورد لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیان و کلتووری کوردستان.




# ئۆتۆمبێلێك لە شێوەی بووك و زاوا!

ئەم ئۆتۆمبێلەی دەیبینن بریتییە لە ئۆتۆمبێلێکی ناوازەی بووك گواستنەوە کە ڕەنگە تەنها لە وڵاتانی دەرەوە شتی وامان دیبێت، یان لە ماڵپەڕەکان سەیرمان کردبێت، بەڵام ئەمە لە هەولێری پایتەخت هەیە و بۆ ڕۆژی هاوسەرگیری کە ڕۆژێکی دانسقەو دەگمەنە لە ژیانی هەر کەسێك، ئامادە دەکرێت. بووك زاواکان دەیانەوێت لەو ڕۆژەدا جیاوازتر و جوانتر بەدیار بکەون و هەریەکەشیان بەشێوەیەك ئەو هەستە دەردەبڕن. ئەوەتا گەنجێکی شاری هەولێر بە ناوی (سیروان سابیر هەمەوەندی)، لە ڕۆژی هاوسەرگیری براکەیدا، ئۆتۆمبێلەکەی بە شێوەیەکی سەیر ڕازاندۆتەوە و جیاوازە لەو شێوازە تەقلیدییەی کە هەیە. سیروان نیوەی ئۆتۆمبێلەکەی ڕەش کردووە، لەسەر سەقفی ئۆتۆمبێلەکەش کڵاوێکی دەستکردی داناوە کە گوزارشتە لە جلی فەرمیی زاوا. لایەکی دیکەی ئۆتۆمبێلەکەی سپی کردووە، کە گوزارشتە لە جلی سپی بووك و لە سەریشەوە تاجێکی وەك تاجەسەری بووکی لەسەر داناوە، بۆ دەربڕینی هێمای خۆشی و بەختەوەریش لە پشتەوەی ئۆتۆمبێلەکە دوو لەزگەی ستیکەری (الکێنەری) شێوە سەری جیاوازی داناوە، یەکێك بۆ زاوا، ئەویتریش بۆ بووکە خان.

# خەوتن لە ئاسمانەوە!

قەت خەیاڵت بۆ ئەوە ڕۆیشتووە کە ڕۆژێك لە ئاسمان بخەویت ! ڕەنگە وەڵامی ئەو پرسیارە قورس بێت، بەڵام لەلای ئەو کۆمەڵە شاخەوانێکی ئیتاڵیا، ئەو خەیاڵەیان کردە راستی، ئەوەتا لەنێوان زنجیرە چیاییەکانی ئەلپ، چەندین کەمپ و شوێنی خەوتنیان لەسەر داوێکەوە و لە بەرزایی هەزارەها پێ لەسەر زەوییەوە، شەوانەی خۆیان لەو شوێنە بەرزە دەکەننەوە، وەك لە وێنەکاندا دەبینن چۆن لەو بەرزاییە دەخەون، ئنجا ئەوەی لە کاتی خەودا عەجوڵ و بە جووڵە بێت، ئەوە لە خوارەوەی چیایەکاندا خۆی دەبینێتەوە، شاخەوانە ئیتاڵیەکانیش، زۆر بە هەست و ئاگادارییەوە لەسەر ئەو تەڵە داوە دەخەون و جێگای خۆیان داناوە، تەنیا ئەوە نەبێت کە خۆیان بە گوریسێکەوە بەستاوەتەوە و لە ترسی کەوتنیان.





# پرچی ڕەنگاوڕەنگ !



کچـــان و خانمان، زۆربەیان حەز بە گۆڕین و جوان کردنی ڕەنگـــی پرچیان دەکەن، بۆیە ماوە ماوە ڕەنگی پرچیان بە پێی خواســـت و حەزی خۆیان دەگۆڕن، ساڵانێکە مۆدی ڕەنگی پرچ جێگیرە، ڕەنگە جار جار لە تێکەڵی دوو ڕەنگەوە بێت، کە لە تەسریحەیەك دوو ڕەنگ بەکاردەهێنن، (کایتی پێل) ئەو کچەی پســـپۆرە لە بواری ڕەنگ و تەسریحەی پرچ، شێوازی تازەی بۆ ڕەنگی پرچ دۆزیوەتەوە، ئەویش بە بەکارهێنانی زیاتر لە ڕەنگ و دوو ڕەنگێك، کە لە پێشوودا باو بوو، هەر بۆیە ئاماژە بە مۆدی داهاتووی پرچ دەکات، کە پرچـــی ڕەنگاوڕەنگ بێت، واتـــە وەك پەلکەزێڕینەیەك لەسەر سەری کچانەوە ڕەنگ بداتەوە، مەبەستی ئەو خاتوونە لەوەدایە، هەر کەســێك ڕەنگێك یان دووانـــی بە دڵە، بۆیە پرچی ڕەنگاوڕەنگ دەهێنێتە کایـــەوە، تا هەموو ڕەنگەکان لەسەر ســـەر و پرچی کچان و خانماندا بریقە بدەننەوە و کە ڕەنگە لە داهاتووشدا ببێتە مۆدێکی جیهانی و لێرەش کچان پرچیان ڕەنگاوڕەنگ بکەن.



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

ئەو رابردووەی دەمێکە دەتەوێت لەبیر خۆتی بەریتەوە، بەناچاری جارێکی دیکە دوچاری دەبیتەوە، بۆیە پێویستە لە زیاتر خۆڕاگر بیت و بیر لە چارەسەری نوێ بکەیتەوە.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

لەوانەیە تووشی دەمەقاڵێیەك بیت لەگەڵ یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەت، بەڵام پێویستە بەهێمنیو زیرەکی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەیت و نەهێڵیت تووڕبوونو هەڵچوون بەسەرتا زاڵ بێت



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

هەموو کەس هەڵە دەکات، بەڵام زۆر کەس دانی پێدانانێت. بەم زووانەش چەند هەڵوێستێکی سەرسوڕهێنەر دەبینیت، لەوانەیە بۆ تۆ جێگەی مەترسی بێت، بۆیە پێویستە ژیرانە بیری لێ بکەیتەوە.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

ئەو رووداوەی هەفتەی رابردوو زۆر ماندووی کردووی، بەڵام زۆری پێناچێت بۆت روون دەبێتەوە کە خۆت بەهەڵە هەڵسوکەوتت کردووە، سوود لە هەڵەکانت وەربگرە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا تووشی هەمان هەڵە نەبیتەوە



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

نابێت هەر رۆژەو بڕیارێکت هەبێت، خۆت یەکلایی بکەوەو دوو دڵ مەبە، پێویستە زیاتر بڕوات بەتوانای خۆت هەبێت و لە کاتی پێویستیش راوێژ بە کەسانی نزیکت بکەی.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

ئەو سەردانەی کە خەریکیت ئەنجامی بدەیت دوای نەخەیت، بە زووترین کات ئەنجامی بدە، چونکە دەسکەوتی باشی بۆت دەبێت، گەر بە وریایی ئەنجامی بدەیت.



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

راکردن لەکێشەکان هەرگیز چارەسەر نییە، کێشەکان پشتگوێ مەخەو هاناش بۆ دوژمنانت مەبە، تەنها پرس بە کەسانی دڵسۆز و نزیکی خۆت بکە.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

لەم رۆژانە پێشنیاری چەند کارێکت پێ دەکرێت کە زۆر گرینگن و پێویستە بە زیرەکانە ئەنجامی بدەیت، ئەگینا لە سەر رەوتی ژیانت کاریگەری خراپی دەبێت.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

لە رۆژانی داهاتوودا رادەی زیرەکیو لێهاتوویت بەدەر دەکەوێت، پێویستە باری ئارامی و هێمنی خۆت لەدەست نەدەیت، دڵیشت بۆ هەموو کەسێك والا مەکە مەرج نییە هەموویان بەرامبەرت راستگۆبن.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

دەرفەتێکی باشت لەبەر دەستە بۆئەوە پرۆژەیەی کەماوەیەکی زۆرە بیری لێ دەکەیتەوە، پێویستە پشت بە خۆت ببەستی و لەوانەیە ناچار بیت بە هەندێك چارەسەر رازی بیت کە پێشتر بیریشت لێ نەکردووەتەوە.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

وا بە ئاسانی بڕوا بەو کەسە مەکە کە دەمێکە خۆت لێ نزیك دەکاتەوە و دەیەوێت بە شێوازێکی باش خۆی نیشانی تۆ بدات، چونکە لەوانەیە تووشی سەرئێشەت بکات.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

راستە ناتەوێت دڵی دۆستە خۆشەویستەکەت لێ بڕەنجێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە دوارۆژی خۆت لەبەر چاو بگریت، وریای داهاتووی خۆت بە و بە ئاگاییەوە کارەکانت ئەنجام بدە.

## نوکتە

- یەکێك یەکەم جاری بوو ئۆتۆمبێل بکڕێ، پێیان نەگوتبوو کە (هاند برێك) بۆ وەستانی توندی ئوتۆمبێلە، ئەویش رۆژێك لە کاتی لێخوورین، هاند برێك رادەکێشێ و وەردەگەرێ، دوایی دەچێتەوە لای ئەو کەسەی ئوتۆمبێلەکەی لێ کڕیوە و پێدەڵێ: باشە بۆ پێمت نەگوت کە ئەوە دەسکی تەقلەلێدانە!



# وێنەکێشان بە ئایس کرێم!



- لەم چەند وێنەیەدا، باس لە جۆرە وێنەکێشانێك دەکات، کە بە بۆیە و فلچە وێنەی نەکێشراوە، بەڵکو لە ماددەیەك دروست کراوە و وێنەی لێ کێشراوە، هەرگیز بیرت بۆی ناچێ، ئەوە یەکێکە لە کارەکانی وێنەکێشی عێراقی (عوسمان تۆما)یە، کە ئەو کۆمەڵە وێنەیەی لە ئایس کرێم کێشاوە.

# زاوا و بووک و جیاوازیی نیو سەدە تەمەن!



دەگوترێ جیاوازی تەمەن لە (٥ تا ١٠) ساڵ بۆ هاوسەران شتێکی ئاساییە و دەکرێ کوڕ تەمەنی بەو رادەیە لە کچێك زیاتر بێت کە پێکەوە ژیانی هاوبەش و هاوسەری دەستپێدەکەن. بەڵام ئەو ملیاردێرەی وڵاتی نەمسا (ریشارد لۆگنەر)ی تەمەن (٨١)ساڵە ئەو هاوکێشەیە دەگۆڕێت، دوای ئەوەی کچێك رازی دەکات کە هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات، کەچی کچەکە (٥٧) ساڵ تەمەنی لە خۆی بچوکترە، وەك خۆی دەڵێت: تەمەن گرنگ نییە لەلام، گرنگ ئەوەیە کەسێکم بە دڵ بێت و ئەویش منی بە دڵ بێت.

## مانای خەون

### چاندن :


ئەگەر پیاوێك لە خەودا ببینێت کە شت دەچێنێ، ئەوە مانای ئەوەیە لە داهاتوودا هاوسەرگیری دەکات ئەگەر هاوسەرییشی هەبێت، واتە منداڵیان دەبێت، ئەگەر ئافرەت لە خەودا شت بچێنێت، هاوسەرەکەی کارێکی باشی دەست دەکەوێ، یان منداڵی دەبێت لە داهاتوویەکی نزیکدا، ئەگەر شووی نەکردبێ و خەون بە شت چاندن ببینێ، ئەوە کەسێك دەیەوێ بێتە داخوازیی، ئەگەر لە خەودا شتی چاندراو هەڵقرتێنیت، تووشی کێشە و گرفت دەبێتەوە.





## لە پاریس هەیفا دەبێتە ئەمریکی!

هەیفا وەهبی، لە هەر شوێنێك بێت، دەبێتە جێگەی سەرنجی زۆربەی ئەوانەی لەو شوێنەن، یان دواتر وێنەی جوان و سەیر بڵاودەکاتەوە و دەبێتە جێی سەرنجی هەمووان، بەم دواییە بۆ بازاڕیکردن (shopping) سەردانی شاری پاریسی فەڕەنسی کرد، کەچی جلێکی ستایلی رەشی ئەمریکی لەبەر کردبوو، وەك خۆی ئاماژەی پێکردبوو، ئەو هیچ بنەمایەکی نییە کە بە پێی پێوەر و ستاندارد بێت، بۆیە لە هەر شوێنێك بێت، ئەو جلە لەبەر دەکات کە خۆی بە دڵی بێت.



## وتەی ناوداران

- داروین بۆ کەسی زانا و نەزان دەڵێ :

نەزانەکان زیاتر بڕوا بەخۆبوونیان هەیە وەك لە زاناکان، ئەوە ئەوانەن کە کەم دەزانن، نەك ئەوانەی کە زۆر دەزانن، زۆر بە ئیجابییەوە دڵنیا دەکەنەوە لەسەر ئەوەی کە کێشەکان بە زانست چارەسەر نابێت.